


# شێوەی هەڵسەنگاندنی فیلم

نووسین لەسەر فیلمێک تەنیا بۆ دیاریکردنی باش و خراپی فیلمەکە نییە، بەڵکوو بۆ لێکدانەوەشە. لە ڕێگای ئەو لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەوە بینەر فێری تێگەیشتن لە فیلم دەبێ و ئەو زمانە تێدەگا کە فیلم بە هۆی وێنە و دەنگ و مۆزیک و دیکۆرەوە بەکاری دێنێ.
هەر نووسراوێک لەسەر فیلم بە هەر شێوەیەک کە داڕێژرا بێ، دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە، بە کورتی یان بە شێنەیی، بداتەوە.

- **پێشینە و پێوەندی:** چاوهەتەرێکی مێژوویی لەسەر فیلمەکە، دەرهێنەرەکەی و ئاکتەرەکان. ئایا فیلمەکە ئاوێنەی کات و ساتی خۆیەتی؟ چ جێگایەکی لەنێو کارەکانی دیکەی دەهێنەرەکەیدا، یان لە کەسایەتی ئاکتەرەکاندا هەیە؟

- **کورتەیەک لە چیرۆکی فیلمەکە:** ئەم کورتەیە نابێ هەموو چیرۆکەکە بگێڕیتەوە.بەڵکوو تەنیا بەشێکی ئەویش زۆر بە کورتی. چوونکە ئەم نووسراوەکە بۆ ئەوانەیە کە فیلمەکەیان دیوە، ئەگەریش نەیاندیبێ باشتر وایە نەیگێڕینەوە با هان بدرێن کە ببیبنن. ئەگەر جیرۆکی فیلمەکە لە ڕۆمان یان ڕووداوێکی مێژوویی وەرگیراوە، ئاماژەیەکی کورت بە سەرچاوەکە پێویستە. هەروەها چەندە لە ئەسڵەکە دوورکەوتووەتەوە یان پێی وەفادار بووە؟

- **دیاری کردنی بابەتی فیلمەکە:** هەر بابەتێک دەتوانێ زۆر بەربڵاو بێ. ئەم فیلمە چ گۆشەیەک لەو بابەتەی کردوەتە مایەی کاری خۆی و دەیەوێ وەڵامی چ پرسیارێک بداتەوە؟ ئایا ئەم شێوە گێڕانەوە لەگەڵ بابەتی فیلمەکەدا دەگونجێ؟

- **جۆری فیلمێکە چییە؟**: پۆلیسی، خەیاڵی، زانستی، تراژدی، مێلۆدرام.... لەم شێوە فیلمەدا چ تایبەتییەک دەبێ هەبێ؟ ئایا ئەم فیلمە ئەو تایبەتییانەی ڕەچاو کردووە؟ ئایا شتی تازەی هەیە؟




- **پێناسەی ئاکتەری سەرەکی و ئاکتەری دووەم:** ئەمانە دەورەکەیان چۆن دەگێڕن؟ یەکەم خۆ ناساندن بە چ شێوەیەک کراوە؟

- **چ شتێک دەگوترێ و چی خۆمان دەبێ تێی بگەین؟** جیگای بۆ بەشداری کردنی بینەر هێشتووەتەوە یان بەر لەوەی پرسیار بکەن وەڵامەکە دەدرێتەوە.

- **کەسایەتی سەرەکی کێیە؟** کەسی بەرەپێشبەری چیرۆکەکە کامەیە؟ کەسەکان پێناسە کراون یان دەبێ بۆ ناسینیان هەوڵ بدەین؟

- **شێوەی گێڕانەوە چۆنە؟:** لە سەرەتای چیرۆکەکەوە دەست پێدەکا، یان لە ئاخرەوە بۆ ئەوەڵ؟ یان لە جێگایەک دەگەڕێتەوە بۆ دواوە و دوایە درێژە بە چیرۆکەکە دەدا و هتد... ئایا لە بەکارهێنانی ئەم شێوەدا سەرکەوتووە؟

- **دەستپێک و پێناسە:** لەم فیلمەدا چی کراوە کە لە سەرەتاوە سەرنجی بینەر ڕاکێشێ؟ لەم کارەدا سەرکەوتووە یان نا؟ چۆن درێژە بە چیرۆکەکە دەدا، بۆ ڕاگرتنی بینەر چ دەکا؟ بینەر لەگەڵ خۆی دەبا بۆ گەڕان بە دووی پرسیار و چەند وچۆنی ڕووداوەکەدا.

- **ساختمانی فیلمەکە:** درامایە یان پاڵەوانییە؟ مۆدێلی دراماکەی چییە (دەست نیشانی بکە!) سێ بەشی جیاوازی ئاشکرای هەیە؟ هەموو بەشەکانی قووڵ بوونەوە و هەڵکشان و لوتکە لە جێگای خۆیانن، کۆتاییەکەی بە چ شێوەیەکە؟

- **ئامرازی هونەری:** ئەو دەوروبەر و ئەشیا و دێکۆر و جل و بەرگ و... کە بەکار هێنراوە دەوریان چییە؟ بەجێ و بە ماناوە دانراون یان بۆ پڕکردنەوەی دیمەنەکانن. ئایا دەنگ و موزیک چۆن کەڵکی لێ وەرگیراوە؟ جووڵانەوەی کامێرا و گۆشەی وێنە و مۆنتاژ دەوریان چۆنە و چمان پێ دەڵێن؟



- **ئاکتەرەکان:** تایبەتی خۆیان هەیە یان دەکرێ جێگایان بگۆڕین بێ ئەوە کە هیچ گۆڕانێکی گرنگ روو بدا؟

- **کەڵک وەرگرتن لە هونەرەکانی دیکە:** بۆ نموونە وتار لە کتێبێک یان گێرانەوە لە شاعێر یان فەیلەسوفێک ، یان شێوە دیمەن لە فیلمێکی دیکە، یان لاسایی کردنەوەی هونەرێکی تر؟

- **پەیام:** پەیامی فیلمەکە چییە؟ دەیەوێ بیر لە چ شتێک بکەینەوە؟ روانگەیەکی هەیە؟

**تەیفور**